www.kurdistannet.org
20/07/2003 13:19

# باشوری کوردستان: نه سەربەخۆیی و نه بەشێك لە عیراق !

دکتۆر جەبار قادر

رەنگیێ کەم بزاڤی نەتەوەیی هەبیٚ لە جیهاندا روو بە رووی ئەو جۆرە ناکۆکییانە بووبیٚ لە دروشم و تاکتیکە سیاسییەکانیدا کە بزاڤی نەتەوەیی کورد تووشیان بووە و دەبێتەوە. زوربەی بزاڤی گەلانی ژێر دەستە و داگیرکراو داخوازییە نەتەوەییەکانیان بە دۆستان و نەیارانیان و بە جیهان رادەگەیەنن و کاتیٚ دەست بە خەبات و شۆرش و سەرهەڵدان دەکەن هەموو لایەك دەزانن دروشمە سیاسی و داخوازییەکانیان چین.

ئەگەر زۆر نەگەرێینەوە بۆ مێژوو و تەنها لە چوارچێوەی رووداوەکانی ئەم نیو سەدەیەی دوایيدا بمێنینەوە و خۆشمان بەوەوە خەریك نەکەین کە خواستی دڵی کوردان دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە و باری جیۆپۆلیتیکی کوردستان و درندەیی رژێمە داگیرکەرەکان و گەلیٚ فاکتەری تر کە هەموو راستن و لای زوربەی هەرە زۆرمان ئاشکران و پێویست بەوە ناکات لێرەدا دووبارە بکرێنەوە، هەر لە سەرەتاوە بزاڤی کوردیی تووشی ئەو ناکۆکییە بوو. لە کاتێکدا دروشمی سەرەکی شۆرشی ئەیلول لە سەر ئاستی شەر و پێشمەرگایەتی و تەنانەت سیاسیشدا ( (یا کوردستان یا نەمان بوو) ) کە تەنها یەك واتای هەیە ئەویش دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە، هەر لەو کاتەدا دروشمی سیاسی شۆرش

( (دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) ) بوو، واتا دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی لە عیراقدا کە کوردستان لە چوارچێوەیدا مافی ئۆتۆنۆمی هەبیٚ. ئەم ناکۆکییە زەمینەی بۆ راڤەکردن و شیرۆڤە و هەڵوێستی جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکیشی لە نێو بەشدارانی بزاڤی کوردیدا خۆش کردبوو. خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە و بێلایەنانەی داخوازییەکانی کورد لە کاتی وت و وێژەکاندا لە گەڵ رژێمە جیاوازەکانی عیراقدا، بە لەبەر چاوگرتنی تاکتیکی سیاسی و مانۆڤر و ناچاریش، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ئەو ناکۆکییە هەمیشە باڵی بە سەر لایەنی کوردیدا کێشاوە. لە کاتێکدا ناچارە باس لە لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی و فیدیرالی بکات، بەڵام خواستی دڵی دەوڵەتۆکەیەکە لە چوارچێوەی عیراقدا کە نابیٚ دەسەڵاتی ناوەندی هیچ دەستی بە سەریدا بروا. بۆ نموونە لە ساڵی 1963 لایەنی کوردی لە بەعس داخوزی ( (کۆماری ناناوەندی –لامەرکەزی– کوردستان) دەکا، لە کاتێکدا سیستەمی لامەرکەزی تەنها بۆ ئاسانکردنی کار و باری بەرێوەبەرایەتیە و هەندیٚ مافی ناوچەیی دەداتە یەکە ئیدارییەکان. یەکیٚ لە سەرکردەکانی بەعس لەو کاتەدا کە بەخۆی یەکیٚ لەو سیٚ کەسە بووە کە پرۆژەی لامەرکەزی رژێمی ئامادە کردووە تالیب شبیب لە بارەی داخوازییەکانی لایەنی کوردییەوە دەڵیٚ ( (مخاین ئەوان – واتا لایەنی کوردی ج – لە بنگە و پرینسپە سەرەکییەکانی قەوارەی دەوڵەتی یەکگرتوو تێنەدەگەیشتن. پێمان وتن ئەگەر سەربەخۆیتان دەویٚ با باسی لە سەر بکەین، بەڵام ئەگەر داخوازیی پێشکەش دەکەن کە سەربەخۆیی تێدا نیە بەڵام دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوە و دابەشبوونی دەوڵەت و عیراق دەکا بە قەوارەیەکی نەخۆش ئەوا شتێکە ئێمە قەبووڵی ناکەین) ) . ئەوە زۆر گرنگ نیە ئەم وتانەی تالیب شبیب تا چەندیٚ بە نیاز پاکیەوە باسیان لێوە کراوە، بەڵام لە هەموو بارێکدا ئەم ناکۆکییە یەکیٚ لە گریٚ کوێرەکانی پەیوەندی نێوان کورد و دەوڵەتی مەرکەزی عیراقە و تێگەیشتنی کوردە لە بنگە و پرینسپە سەرەکییەکانی قەوارەی دەوڵەتی یەکگرتوو، ئەوە نیە کورد بۆ خۆی تەنها نیوەی باشوری کوردستانیان پیٚ زۆر بوو بۆ یەك حکومەت و دابەشیان کرد لە نێوان دوو حکومەتدا. ئەورۆش بەرپرسانی هەردوو حکومەتۆکەکە بە هەموو لایەکدا رادەگەیەنن کە نەك تەنها هەوڵنادەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بەڵکو هەندێکیان دژیشن، لە کاتێکدا هەموو هات و چۆ و هەڵس و کەوت و پەیوەندی نێودەوڵەتییان لە هی بەرپرسانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەچن. لێرەدا هەڵبەتە زۆر بە ئاسانی دەتوانین بڵێین هەڵوێستی دوژمنکارانەی رژێم ناچاری کردوون بەم شێوەیە هەڵس و کەوت بکەن و پەیوەندی ببەستن.

پێموایە ئەم پرسە واتا پرسی پەیوەندی گەلانی عیراق بە دەسەڵاتی ناوەندییەوە لە دۆزێکی گەورەترەوە سەرچاوە دەگریٚ ئەویش ئەوەیە کە پاشای عیراق پێش حەفتا ساڵ باسی لێوە کردووە، کاتیٚ گەلی عیراق بە بریٚ کۆمەڵی جودا و ناکۆك کە هیچ پێکەوەیان گریٚ نادا لە قەڵەم دەدا. هەڵبەتە گەلانی تری جیهانیش کاتیٚ دەوڵەتیان دامەزراندووە زۆر لەو رەوشەی خەڵکی عیراق جیاواز نەبوونە، بەڵام توانیویانە لە سەر بناغەی سازکردنی دەوڵەتی قانون و گەشەکردنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و هاوڵاتی و بەشداری کردنی چالاکانەی دانیشتوان لە ژیانی سیاسی و بەرێوەبەرایەتی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و لە هەموو پرسە چارەنووسسازەکانی وڵاتدا گەشە

www.kurdistannet.org
20/07/2003 13:19

بکەن و یەکێتی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان بەرەو پێبەدەن. ئەو بارە وای کردووە ئەو گەلانە کە جاری وا هەیە لە رەگەزی و ئەتنیکی جودا پێکهاتوون لە چوارچێوەی گەلێکی نوێدا یا بە واتا ئەورووپیەکەی نەتەوەییەکی نوێدا بتوێنەوە بێ ئەوەی زمان و کلتور و رەگەزی خۆیان لە دەست بدەن. نەتەوەی بەلجیکی بریتییە لە والۆن کە بە فەرەنسی و فلامەندی کە بە هۆلەندی قسە دەکەن، بەلاّم بە هەردووکیانەوە گەلێك بە نێوی گەلی بەلجیکی پێکدێنن. هەروەها گەلی سویسری کە لە سویسری فەرەنسی و ئەلمانی و ئیتالی و رۆمانی زمان پێکدێ. هیچ سویسرییەك پێی خۆش نیە لە سەر بناغەی ئەو زمانەی پێی دەپەیڤێ وەکو ئەلمان، فەرەنسی یا ئیتالی سەیر بکرێ.

کاتێ سەیری گەلانی عیراق دەکەی پێچەوانەی ئەم وێنەیە دەبینی. عەرەبی سونی کە تاکە خاوەن دەسەلاّتە لە عیراقدا و لەو رۆژەوە ئەو دەولّەتە لە سالّی 1921 دا دامەزراوە هەر ئەو بەشەی خەلّکی عیراقە زوربەی داهاتی هەلّدەلوشێ و هەمیشە خاوەن دەسەلاّت بووەو دەستی رۆیشتووە. لە گەلّ ئەوەشدا هەمیشە رووی لە دەرەوەیە و هەتا ئێوارە لە باسی یەکێتی عەرەب و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی عەرەب و دامەزراندنی دەولّەتی یەکگرتووی عەرەبدایە لە ئۆقیانۆسەوە بۆ کەنداو کێشە و پرسەکانی عەرەب لە ولاّتانی تردا بە کێشەی سەرەکی خۆی دەزانێ و لە کێشە ناوخۆییەکانی عیراقی بێ گرنگترە.

ئەگەر سەیری زۆرینەی خەلّکی عیراق بکەین کە عەرەبی شیعەن و زیاتر لە 65 ٪ دانیشتوانی ئەو ولاّتە پێکدێنن، بە هۆی چەوسانەوەی هەمیشەیی و پەراوێز کردنیانەوە زۆر جار بە ناچاری ئێران دەبێ بە رووگەیان، کە ئەویش تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆی لە کاتی پێویستدا رێکخراوە سیاسییەکانیان بەکار دێنێ.

تورکمان ئەوەندەی چاوی لە ئەنقەرەیە و خەو بەو رۆژەوە دەبینێ کە بێ بە بەشێ لە دەولّەتی تورکیا، یەك لە سەدی ئەوە دلّی بە هاولاّتێتی عیراق خۆش نیە، هەرچەندە رنگێ تەنها تورکمان ئەوەندەی عەرەبی سوننە قازانجی لە داهات و سامانی عیراق وەرگرتبێ و بەر شالاّو چەوسانەوە نەکەوتبێ. ئەو بارە لە هەلّوێستی سیاسی رێکخراوە سیاسییەکانی شیعە و تورکمان کە خۆیان بە ئێران و تورکیاوە گرێداوە بە زەقی بەر چاو دەکەوێ.

بۆ کورد مەسەلەکە هەندێ جیاوازە. کورد کاتێ روو دەکاتە دەرەوە چی دەبینێ ؟ کوردی پارچەکانی تر کە هەموو لە سێبەری چەوسانەوەی نەتەوەیی و سیاسی و ئابوریدا دەژێن و دەرفەتی ئەوەیان نیە هەندێ باری خۆیان سوك کەن چ جای باری کوردی عیراق. تورکیا و ئێران و سوریا سێ دەولّەتی سەرکوتکەری دژ بە کورد و بارێکی سەختی جوگرافی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی و یەکنەگرتنی خواست و بەرژەوەندی کورد لە گەلّ بەرژەوەندی هیچ یەکێ لە زلهێزێکانی جیهاندا تا ئەو رادەیەی کە ئامادە دەستکاری سنوورەکان بکا. بۆیەکا رەنگێ زۆر سەیر بێ کە کورد تەنها گروپی نەتەوەییە لە عیراق کە بە راستیی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئەو ولاّتەی کردبێ بە یەکێ لە تاکتیکە سیاسییە سەرەکییەکانی ئەورۆی خۆی. رەنگێ زۆر کەس ئەمەی بەدلّ نەبێ، مخابن رەوتی رووداوەکان و باری سیاسی ناوچەکە و سیاسەتی نێودەولّەتیی بەو شێوە رێکەوتوون.

لە بارێکی وادا کورد پێویستی بە سیاسەتێکی نوێ هەیە بۆ ئەوەی لە عیراقدا بێ بە یەکێ لە یاریکەر و فاکتەرە سەرەکییەکان بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی نوێ لەو ولاّتەدا لە سەر بنەماکانی هاولاّتی یەکسان و دەولّەتی قانون و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد. بێ ئەوە چەند وەچەیەکی تریش ژیانی لەم گێژاوە بێ واتایەدا دەباتە سەر. کوردی عیراق هەموو ئەو کەرەسە و پێداویستییەی لە بەردەستدایە بۆ ئەوەی ئەو رۆلّە بگێرێ و پێ بەو فاکتەرە ئەگەر چاوچنۆکی حیزبایەتی و ناوچە و هۆز و زاراوە گەرێتی سەری لێ نەشێوێنێ.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**